Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## راگەیەندراوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان سەبارەت بە تاوانی شەهیدکردنی مامۆستا شێخ حەسەن رەستگار و کوڕەکەی

5 مانگ لەمەوبەر لە 5ی پووشپەڕی 2705دا(26ی ژوئەنی 2005)، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا هەواڵی بێسەروشوێنکرانی مامۆستا شێخ حەسەن رەستگار و کوڕەکانی بەمجۆرە بڵاو کردەوە: " بە پێی هەوڵێکی تایبەت بە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە کرماشان، مامۆستا شێخ حەسەن ئیمام جومعەی مزگەوتی سونییەکانی دەوڵەت ئابادی کرماشان، لە 20 رۆژ لەمەوبەرەوە بێسەروشوێن کراوە".
بە داخ و کەسەری زۆرەوە، رادەگەیەنین کە دوێنێ یەکشەممە تەرمی مامۆستا شێخ حەسەن و هاشمی کوڕی لە باخچەی پشت مزگەوتەکەی دۆزراوەتەوە. بە تەرمەکانی ئەو باوک و کوڕە نیشتمانپەروەرەوە شوێنی گوللەی دەمانچە دیارە.

حەسەن و کوڕەکەی، ئاخرین جار کە لە ماڵ چوونەتە دەرێ، بە ماشینێکی "پراید" بووە کە بەناوی ئاژانسی تاکسیڕانییەوە هاتبووە دوی و بردبووی.
مامستا شێخ حەسەن مامۆستایەکی ئایینی 80 ساڵەی کورد پەروەر بوو. ساڵەها بوو لە بەرانبەر پیلانەکانی رێژیمدا بۆ دووبەرەکیی نانەوەی مەزهەبی و ئایینی لە نێوان رۆڵەکانی نەتەوی کورددا وەک هاوسەنگەری شەهیدی مامۆستا مەلا محەممەدی رەبیعی راوەستا بوو و هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کوردی، بە هەر جیاوازییەکی ئایینی و مەزهەبییەوە بۆ یەکێتی و هاو پشتی هاندەدا. حەول و تێکۆشانی مامۆستا شێخ حەسەن لەم پێناوەدا، ببووە هۆی تووڕەیی و ناڕەزایەتی بەڕێوەبەرایەتی ئیتیلاعاتی رێژیم لە کرماشان و ئاخوند "زەندی" نوێنەری خامنەیی لە کرماشان. هەر بۆیە مامۆستا شێخ حەسەن لە ژێر کوشارێکی بەردەوامدا بوو بۆ داخستنی مزگەوتەکەی.
بەڵام مامۆستای شەهید کە لە پێگەوجێگەی خۆی بۆ وشیارکردنەوەی رۆڵەکانی کورد و هاندانیان بۆ راوەستان و کۆڵنەدان بەرانبەر دوژمنان، کەڵکی وەردەگرت، هیچکات ملی بەو گوشارانە نەدا و نەچووە بن باری داخوازی دام و دەزگا و ناوەندەکانی دوژمنی داگیرکەرەوە.
رۆژی رابردوو، بە بڵاو بوونەوەی هەواڵی دۆزرانەوەی تەرمەکانی مامۆستا شێخ حەسەن و هاشمی کوڕی، هەزاران کەس لە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کرماشان و دەوروبەری بە جیاوازی ئایین و مەزهەبەوە، لە بەردەم مزگەوتی دەوڵەت ئاباد و ماڵی مامۆستا کۆبوونەوە و تەرمەکانیان بە خاک سپارد. هێزەکانی رێژیم کە دەیانزانی کاربەدەستانی تیرۆریستیان چ کەتنێکیان خوڵقاندووە، لە ترسی خۆپێشاندان و راپەڕینی جەماوەریی، هەموو شەقام و کووچە و کۆڵانەکانی دەوروبەری مزگەوت و ماڵی شەهید مامۆستا حەسەنیان تەنی بوو.
دام و دەزگاکانی رێژیم بۆ بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی، هەر لە پاش بڵاو بوونەوەی هەواڵی دۆزینەوەی تەرمەکان، بە کەڵک وەرگرتن لە شێوەکانی شەڕی دەروونی، وای بڵاودەکەنەوە کە مامۆستا شێخ حەسەن و هاشمی کوڕی لە ئاکامی کێشەی خێزانییدا کوژراون. بەڵام مامۆستا شێخ حەسەن و کوڕەکەی تیرۆر کراون و هیچ گومان لەوەدا نییە کە تیرۆری ئەو باوک و کوڕە تاوانێکی رێکخراوە و تیرۆری دەوڵەتییە.
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، وێڕای مەحکومکردنی ئەم تاوانە تیرۆریستییەی کۆماریی ئیسلامی، پرسەو سەرەخۆشیی پێشکەشی بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان و خەڵکی کرماشانی هەمیشە کوردستان و هەموو رۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەکا. هەر لەو کاتەشدا داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکا بەرانبەر بەم تاوان و دەسدرێژییە دەنگهەڵبڕن.
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، داوا لە مامۆستایانی ئایینی کوردستان بە هەر جیاوازییەکی دینی و مەزهەبی دەکا، وێڕای دەنگهەڵبڕین لە دژی تاوانی تیرۆری مامۆستاشێخ حەسەن و کوڕەکەی، وریای پیلانەکانی رێژیم بن لە نانەوەی کێشە و ناکۆکیی ئایینی و مەزهەبی و هەموو رۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئایین و مەزهەبیان بۆ کۆوە بوون لە دەوری تەوەری کورد بوون و کوردایەتی بانگهێشت بکەن و بە یەکڕیزی و یەکدەنگی بەرانبەر پیلانەکانی دوژمنی داگیرکەر راوەستن.

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**30/گەڵارێزانی/2705**
**21/نۆڤمبەری/2005**